مەسعود بارزانی: پاپا ڕۆکی بەرزی لە بەاوکردنەوەی پەیامی مرۆڤدۆستی و ئاشتیدا هەبوو



مەسعود بارزانی بە کۆچی دوایی پاپا فرانسیس، ڕابەری کاسۆلیکەکانی جیهان پەیامێکی بەاوکردنەوە و پاپا فرانسیس بە مرۆڤێکی مەزن ناو دەبات کە "ڕۆکی بەرزی لە بەاوکردنەوەی پەیامی مرۆڤدۆستی و ئاشتیدا هەبوو".

ڕۆژی دووشەممە 21ـی نیسانی 2025 مەسعود بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی پاپا فرانسیس پەیامێکی بەاوکردنەوە و سەرخۆشی لە مەسیحییانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکات.

دەقی پەیامی مەسعود بارزانی بە کۆچی دوایی پاپا فرانسیس

بەناوی خودای مەزن و دڵۆقان

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی قەداستی پاپای ڤاتیکان (پاپا فرانسیس)ـم پێ گەیشت. پاپا فرانسیس پیاوێکی مەزن بوو کە ڕۆڵێکی بەرزی لە بەاوکردنەوەی پەیامی مرۆڤدۆستی و ئاشتیدا هەبوو.

پرسە و سەرخۆشیی قووڵی خەم ئاراستەی خوشک و برایانی مەسیحی لە کوردستان و عێراق و سەرانسەری جیهان دەکەم و خەم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم.

ڕۆحی قەداستی پاپا فرانسیس شاد بیت و لە خودای گەورە داواکارم سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.